# لە بارەی سەرەتای شیعر، یان ئەدەبی کوردییەوە

بێگومان ئەدەبی کوردی، وەک داهێنانێکی نەتەوەیی یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی ئەدەبی جیهانیی، ئەو شیعرە، یان ئەدەبە ڕۆڵی هەبووە لە بونیادنانی کولتوور و شارستانییەت و ڕۆشنبیریی و زانست و زانینی(معریفە)ی نەتەوایەتی ئێمەی کورد. هەزاران ساڵ پێش سەردەمی ئەمڕۆمان لەسەر خاکی کوردستانی ئێستادا، مرۆڤی کۆن ژیاوە، ئەمە نەک بە پێی بەڵگەنامە و بە جێماوەکانی شوێنەوارناسیی، بەڵکو بەپێی حیکایەت و داستانە ئایینییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، باسی نەتەوە و خاک کراوە. لە هەردوو کتێبی پیرۆزی (تەوڕات) و (ئینجیل)دا ناو و ئاماژە وڵاتی (ماد) هاتووە.

له قورئانی پیرۆزیشدا کەشتییەکەی حەزرەتی (نوح) لەسەرشاخی جوودی (مەتین) لەنگەری گرتووە پاش نیشتنەوەی تۆفان، ئاشکرایە چیای جوودی بڕبڕەی پشتی خاک و وڵاتی کوردەوارییە، زنجیرەیەکە لە زنجیرەکانی چیاکانی زاگرۆسی کوردستان(باکووری کوردستان). هەموو میللەتێک پێش ئافراندنی ئێستای ڕۆڵە و نەوەی نەتەوە، یان هۆز و  تیرە، یاخود کۆمەڵی نەتەوەی کۆن بووە. ئەو نەتەوەیە، یان ئەو نەتەوانە خاوەنی یەک ئەدەب بوون، بە هەردوو بەشییەوە، ئەدەبی سەرزار و نووسراو.

بێگومان ئەدەبی سەرزارەکە زۆر بووە، بەڵام ئەدەبی نووسراوەکە کەمتر بووە، ئەوەی کە بوونیشی هەبووە بریتی بووە لە ئەدەبی ئایینیی، یان کتێبی ئایینیی، یاخود داستانی دلێری و قارەمانی، لە دواییدا ئەم زمانە کۆن بووە و لە کارکەوتووە. لە سەردەمی هاتنە کایەوەی نەتەوەدا بە واتای ئەمڕۆ، واتە دروستبوونی زمانی تازە بۆ ماوەیەکی درێژ دیسانەوە یەک ئەدەب لە ئارادابووە، ئەم ئەدەبە هێزی لە سامانی کۆن دێرین وەرگرتووە. ئێمە دەتوانین مێژووی ئەدەبی کوردی لەو ڕۆژەوە دیاری بکەین.

که بەرهەمی ئەدەبی بەو زمانە تازەیە پەیدابووە و تۆمارکراوە، ئەگینا ئەدەبی کوردی بە تایبەتی ئەدەبی میللی(فۆلکلۆر) وەکو سامانی نەتەوایەتی دیارە لە باب و باپیرە هەرە کۆنەکانی کوردەوە سەریهەڵداوە و دەستپێدەکات.

# ئەدەبی سەرزاریی(ئەدەبی نەنووسراو)

لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ هەستی بە جوانییەکان خۆی و ژیان و سروشت کردووە، تا ڕۆژی تۆمارکردنی ئەو قسە جوان و جوان و دانسقە و پڕ چێژانەی نێو ئەدەبیات، تەنیا یەک ئەدەب بوونی هەبووە، واتە ئەدەبی میللی(فۆلکلۆر).
ئەدەبی کۆمەڵگای مرۆڤی کۆن لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر بە میرات ماوەتەوە، لە نێو مێشک و سینە پارێزراوە، لە زاردا بەشێوەی ئەزبەر گێڕدراوەتەوە.

ئاشکرایە ئەدەبی نەنووسراو بۆتە سەرچاوەیەکی بەنرخ و گرنگ و بایەخدار بۆ ئەدەبی نووسراو و لەنێو جەرگەی ئەوەوە هەڵقووڵاوە، گەلێک بەرهەمە گەورە و شاکارەکانی نێو دنیای ئەدەب، لە ئەدەبی نەنووسراوە سەرچاوەیان گرتووە، لە پاشاندا بوون بە ئەدەبی نووسراو، زۆربەی یەکەمین بەرهەمی کلاسیکی نەتەوەکان و گەلێک لە شاکارەکانی ئەدەب، سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆری بووە، شاکاری ئەدەبی کوردی داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی.

ئیلهام و سەرچاوەکەی بۆ (مەمێ ئاڵان)ی ئەدەبی فۆلکلۆریی دەگەڕێتەوە، کە مێشک و دەم و سینەی مرۆڤی کورد پشتاوپشت ئەو بەرهەمە و چەندانی بەرهەمی تری پاراستووە و بوونەتە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی نووسراو (دەقی ئەدەبی).

ئەدەبی میللی نەتەوە کۆنەکانی هیندۆ ئەورۆپی و هیندۆ ئێرانی لە ئەفسانە و داستان و حیکایەت و گۆرانی، بۆ ماوەیەک ڕەگ و ڕیشە و گەوهەری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بوون. ئەدەبی کوردی لە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی سروشتی وڵاتی کوردەواری و ژیانی کۆمەڵایەتییدا لەگەڵ ئەمانەدا ئاوێتەی یەکتربوون و لە نێو یەکدا توانەوە.

بۆیە ئەدەبی دیالێکتی (گۆرانی) لە سەرەتاوە تا ئێستاش لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە نزیکە، هەروەها ئەدەبی دیالێکتی (کرمانجی سەروو) لە سەرەتاکانیدا لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە نزیک بوو، تا (مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و پرتەوی هەکاری) پەیدابوون. لە (کرمانجی خواروو) دا ئەدەبی فۆلکلۆری، هەندێکجار بە هەناسە و گیانی دیالێکتی گۆرانی و ئینجا (عەلی بەردەشانی)ی هی تر هاتنە ئاراوە، تا بە دیارکەوتنی قوتابخانەی (نالی).

# ئەدەبی کلاسیکی کوردی و شارستانێتی ئیسلام

مەبەست لە ئەدەبی کلاسیکی ئەدەبی نووسراوە، پێش ئەوەی کلاسیکی بە واتای ( ئەدەبی بەرز) بەکاربێنین. ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئیسلامدا، بەو واتایەی کە مرۆڤی کورد زۆربەیان ڕوویان لە ئیسلام کرد و بوونە موسڵمان، بێگومان لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی شارستانێتی ئەو نەتەوە و گەلانەی بوونە ئیسلام لە نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس، ئیتر لە ئەنجامدا شارستانێتییەکی گەورەی ئیسلامی بونیاد دەنرێت.

ئەم شارستانێتە هەر لە چوارچێوەی ئایین نامێنێتەوە، بەڵکو پەلوپۆ بۆ کۆمەڵگایەکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری دەهاوێژێت.
بۆیە دەڵێین: ئەم شارستانێتییە گەورەیە و تازەی ئیسلام وەک چۆن کاریکردۆتە سەر نەتەوەکانی تر، بە هەمان شێوە و قورسایی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ئەدەب و هونەر و کولتوور و ڕۆشنبیری و هزری ئێمەی کوردەوە هەبووە.

# کەی و چۆن ئەدەبی (تۆمارکراو ) نووسراوی کوردی دەستپێدەکات و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

بۆ ئەم مەبەستە دەقی باوەڕپێکراو و نووسراو و تۆمارکراوی شیعر بە زمانی کوردی سەرەداو و دەستپێک و سەرەتا و سەردەمی شیعری کوردیمان بۆ دیار دەکات. ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدابووە. ڕاستە دەبێت سەرەتایەکمان هەبێت بۆ سەرتاپای ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی هەمووەکی.

بەڵام دیارە ئەدەبی هەر دیالێکتێکیش سەرەتا و دەستپێکی خۆی هەیە. دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن، بلیمەتبوونی بابا تاهیر و گۆرانی میللی ناوچەیی شیعری، یان دوو بەیتییەکانی بابا تاهیری خەملاندووە. شیعری ئایینی و لیریکی لە دیلێکتی گۆراندا کۆنترین شیعری زمانی کوردییە، لە سەدەی دە و یازدە دا پەیدابووە.

بە درێژایی و بۆ ماوەی چەندین سەدە ئەدەبەکە لە هەڵکشان و داکشان دابووە، لە نێوان بوون و نەبوون و فەوتان و سووتان و ونکردن ماوەتەوە. شیعری ئایینی و لیریکی لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا لە پاش ڕووداوەکانی جەنگی چالدێران لە سەدەی شازدەهەم لە سەرەتادا بە شێوەی شیعری میللی، دواتر شیعری بەرزی کلاسیک هاتۆتە ئاراوە. شیعر و لیریکی (غەزەل) و (قەسیدە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووودا لە پاش دروستکردنی پایتەخت (شاری سلێمانی) پەیدابوو. ئەم جووڵە و بزووتنەوە ئەدەبییە کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندن و گۆڕانکاری و وەرچەرانی ئەدەبی کوردی بۆ ئەوساکە و ئێستاکە.

# شیعری کوردی له ڕووی ڕووخسارەوە
# (ڕووخساری شیعری کوردی)

شیعری کوردی لە ڕووی ڕووخسارەوە، بە تایبەتی لە بابەتی قەبارە و شێوە و دابەشبوونەوە، دەکرێ بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکەمیان (لیریک=گۆرانی=ویژدانی=خودیی)ی پێدەڵێن، بەرهەمەکە هەرچییەک و چۆنێک بێت، هەست و نەستی شاعیر، تەواو بەسەریدا زاڵە، بە ئاشکرا هەست بە دەنگ و ڕەنگ و ناسنامەی شاعیر دەکەین واتە (خودیبوون). لیریک بە پارچە شیعرێکی کورت و قەبارە بچووک دەگووترێت، ژمارەی دێرەکانی لە یەک دێرەوە دەستپێدەکات تاکو سەرووی بیست دێر.

**دووەمیان(ئیپیک=ئیپۆس=داستان=مەلحمە=چیرۆکی شیعریی)ی پێدەڵێن، کۆ هەست و نەست بەسەریدا زاڵە، شاعیر کەمتر گوزارشت و دەربڕینەکانی پەیوەستن بە خۆیەوە، زۆرتر گوزارشت و دەربڕینەکانی پەیوەستن بە کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک و کۆمەڵگا، شت و بابەت و پرسەکانی گشتییەوە، هەر بۆیە ئەم بەرهەمە لە ڕووی قەبارەوە دوور و درێژ و فراوان و گەورەیە، ژمارەی دێرەکانی دەیان و سەدان دێرە شیعر دەبێت، بە (بابەتیبوون) دەناسرێتەوە، نەوەک (خودیبوون). میللەت و گەل و نەتەوەکان لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا زیاتر بەم بەرهەمەوە دەناسرێنەوە و ناو و ناوبانگیان دەرکردووە، چوارچێوەی ئەدەبی میللی کوردیدا بۆ داستان، زاراوەی (بەیت) بەکاردەهێنرێت.**

## لیریکی کوردی لە ڕووی ڕووخسارەوە بەمشێوانەی خوارەوە بوونیان هەیە:-

تاک (فرد): بریتییە لە دێرە شیعرێکی عەڕووزیی، لە دوو نیوە دێرە شیعر پێکهاتووە، هەردوو نیوە دێرەکە دەبێت لەسەر یەک قافیە بن، ئەم جۆرە شیعرە بۆ پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، وتەیەکی کورتی دانایانە، بیرێکی ژیری فەلسەفییانە دادەنرێت. گەلێک دێرە شیعری غەزەل و قەسیدە بە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە دەست دەدات، ئەگەر یەکێتیی مانای تێدا بێت(واتە هەموو دێرەکان بەسەر یەکترەوە مانای یەکتر تەواو بکەن و مانایەکی سەرەکی بە دەستەوە بدەن)، بەڵام لێرەدا تاکی پێناوترێت، چونکە تاک دەبێت تەنیا یەک دێرە شیعر بێت.

**چوارین(ڕوباعی): چوارین بریتییە لە شیعرێک لە دوو دێرە شیعری عەڕووزیی پێکهاتووە، واتە چوار نیوە دێرە شیعر. نیوە دێری یەکەم و دووەم و چوارەم لەسەر یەک سەروا (قافیە) دەبن، بەڵام نیوە دێری سێیەم دەگۆڕێت و وەک ئەوانیتر نابن، ئەمە چوارینی (گونک)ی پێدەڵێن. خۆ ئەگەر هەر چوار نیوە دێرەکە لەسەریەک قافیە بن، ئەمەیان چوارینی تەواوی پێدەووترێت. چوارینی گونک لە چوارینی تەواو زیاترە لە ئەدەبی کوردیدا. چوارین لەسەر کێشی عەڕووزی هەزەج و ئەو کێشانەی لەوەوە دەرهێنراون دەهۆنرێتەوە، بەڵام لە ڕێڕەوەی گۆڕانی شیعری کوردی بە درێژایی ڕۆژگار چوارین بە کێشەکانی تری عەڕووزی هاتۆتە ئاراوە.**

چوارین، پارچە شیعرێک، یان کارێکی ئەدەبی سەربەخۆ و تەواوە بۆ مەبەستی سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەیخۆری و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت. لە ئەدەبی نوێشدا هەیە بۆ مەبەستی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەخرێتەڕوو. کۆنترین شاعیری کورد بابا تاهیر بەم جۆرە شیعرە زۆربەی هەرە زۆری هونەری خۆی نواندووە. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانرێت کە زۆرتر زاراوەی(دووبەیت) بۆ چوارینەکانی بابا تاهیر بەکاردەهێنرێت، چونکە کێشی سووک و سفت و ناوەڕۆکی دڵداری ، سۆفیزم لە چوارینی تر جیای دەکاتەوە.

دووبەیت: زاراوەی دووبەیت لەگەڵ چوارین لە ئەدەبی کوردیدا تا ڕادەیەک لە باتی یەکتر بەکاردەهێنرێن، چونکە لە زۆر ڕووەوە لە یەکتری دەکەن. دووبەیت واتە دوو دێرەشیعر، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە دێری یەکەم و دووەمی هەموو غەزەل و قەسیدەیەکی عەڕووزی لە ڕووی ڕووخسارەوە وەکو دووبەیت(چوارین) وایە، چونکە هەردوو نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەک قافیە دەبن، هەرچی دێڕی دووەمیشە نیوە دێڕی یەکەمی دەگۆڕێت و نیوە دێڕی دووەمی لەسەر قافیە بنچینەییەکەی شیعرەکە دەبێت، ئیتر هەردوو دێڕە شیعرەکە(دووبەیت)ەو وەکو چوارین خۆیان دەنوێنن. بەڵام ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوەیە دووبەیت بۆ هونەرێکی شیعری تر لە کوردیدا بەکاردەهێنرێت، ئەم هونەرە لە شیعری دیالێکتی گۆرانیدا ئاشکرا و دیارە، بە تایبەت لە شیعری کۆنی ئایینیدا.

دوو بەیت لەسەر کێشی دە سیلابی دەبێت و وەستان لە ناوەڕاست دەبێت و هەرچوار دێڕە شیعرەکە لەسەر یەک قافیە دەبێت. شیعری لیریکی خۆماڵی بە هەموو بابەتەکانیەوە لە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجی سەرووودا نموونەیەکی ڕەسەنە لە ئەدەبی کوردیدا، زۆربەی لەسەر بنچینەی بەند دەهۆنرێتەوە، هەربەندی بە شێوەی دووبەیت دەسازێت. ئەم بابەتە شیعرە هیچ پەیوەندییەکی بە کێشی عەڕووزەوە نییە، بەڵکو لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی دەکێشرێت، کە ئەمیش واتە خۆماڵی کوردی لەگەڵ کێشی زمانە هیندۆ ئەوڕوپی و گرووپەکانی تری لە زمانانی هیندۆ ئێرانی لە یەک ڕەگ و ڕیشەن، کێشی بنچینەیی سیلاب بە تایبەتی لە دیالێکتی گۆران دە کەرتییە و وەستان لە ناوەڕاست دایە. ئەمە کێشی هەرە باوی شیعری فۆلکلۆری کوردییە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا. هەرچی قافیەشە لەسەر بنجی جووت قافیە دادەمەزرێت و، واتە دوایی نیوە دێری یەکەم لەگەڵ نیوە دێری دووەم لە هەردێڕە شیعرێکدا لەسەر یەک قافیە دەبێت.

# گفتوگۆ و پرسیار

- پوختەیەک بخەڕوو لە بارەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و شارستانێتی ئیسلام.
- کەی و چۆن ئەدەبی نووسراوی کوردی دەستپێدەکات؟ لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟
- بە کورتی تیشک بخەسەر ڕووخساری شیعری کوردی.
- ئەم زاراوانەی ئەدەبی کلاسیکی بە وردی ڕوونبکەرەوە. ( تاک، چوارین، دووبەیت)